# سەپۆرت و سورفاس

## دواهەمین بزووتنەوەی هونەری لە مێژووی مۆدێرنی فەڕەنسادا

**سەردار حەمەڕەشید**



١٣ی تشرینی یەکەم، ٢٠٢١   شێوەکاری

دواهەمین بزووتنەوەی هونەری ســـــاڵی ١٩٦٩ لە فەرەنســــــا بە نـاوی Supports/Surfaces بە واتـای "هەڵگر و ڕووبەر"، هەڵگر بە مـانـای ئەو چوارچێوەیە دێت کە قوماشـــەکەی لەســـەر چەســـپ دەکرێت، ڕووبەریش قوماشـــی ســـەر چوارچێوەکەیە. بە زمانی ئەکادیمی بەم ڕووبەرەی کە نەخشـــی لەســـەر دەکرێت دەڵێن؛ Espace picturale واتە شـــوێنی نەخشکردن، ئەو ڕووبەرەیە، ئەو ئێسپاسەیە شکڵ و باس تیایدا وەک لەسەر شـــانۆیەک دەچنە ڕەهەندێکی ترەوە، شـــکڵەکان بەرگێکی تر دەپۆشـــن، بە هەقیقەتێکی ترەوە خۆیان نمایش دەکەن. ئەگەر نەخشـــەکە بە خۆڕسـکانەش کرابێت ئەوا بە ئاگاییەوە هەڵبژێراوە لە لایەن هونەرمەندەوە.



هەڵگر و تەخت

لە ســـــەدەی نـاوەڕاســــتەوە هەتـا ئەمڕۆ ئەم تەکنیکە بەکـار هێنراوە بۆ هەڵواسـینی تابلۆ لە کەنیسـە و لە ماڵاندا، لەبەر ئەوەی ڕەسـم وەک پەیکەر

خاوەنی سێ ڕەهەند نییە، خاوەنی بارستایی نییە و ناتوانێت بە سەربەستی بوونی هەبێت وەک پەیکەرێک، بۆیە پێویستی بە هەڵگر(Supports )ێک هەیە و هەروەها بە ڕووبەر( Surfaces)ێکیش هەیە بۆ وێنەکێشان. لە کوردستان چەند دەستەواژەیەکی لاتینی بەکار دەهێنن، بەڵام من لێرەدا وشەی هەڵگر بۆ Supports و ڕووبەر بۆ Surfaces و تەخت بۆ Backgraound بەکار دەهێنم.

تابلۆ بریتییە لە شکڵ و ڕەنگ و تەخت، هەموو ئەمانە خۆیان لەسەر ڕووبەرێک دەبیننەوە. وێنەکێشانی شکڵ و تەختێک لەسەر ڕووبەرێک بە ئۆتۆماتیکی سوژە دەگرێتە خۆی، بۆ نموونە مرۆڤێک لە ژوورێکدا، سێوێک لە دارستانێکدا، سێوەکە شکڵە و دارستانەکە دەبێتە تەخت، پەیوەندییەکی دیالەکتیکی هەیە لەنێوان سێوەکە و دارستانەکەدا پەیوەستە بە هزری هونەرمەندەوە چۆن ئەو پەیوەندییە بەرجەستە دەکات، دەگونجێنێت، چیمان بۆ ڕاوەکردن دەکات. چۆنیەتی وێنەکێشانی ئەو سێوە لەو دارستانەدا هزر و بۆچوونی هونەرمەندمان بۆ ناوزەد دەکات، هەقیقەتێکی ترمان بۆ واڵا دەکات لەژێر ئەو شکڵەی کە بە ڕووکەش خۆی دەنوێنێت. دوو شکڵیش بە تەنیشت یەکەوە لە پەیوەندییەکی دیالەکتیکدا سوژە پێک دەهێنن لەسەر تەختێک.

لە سەدەی بیستەوە لە ئەوروپا هەموو پێکهاتەکانی هونەری شێوەکاری درایە بەرپرسیار؛ بە بزووتنەوە سەرەکییەکانی وەک کوبیست، شکڵ درایە بەرپرسیار، بە سوریالیست سوژە، بە هونەری ئەپستراکسیۆن خۆ دەربازکردن لە فیگۆر بۆ گوزارشتکردن لە باسێک... تاد، تەنها پێکهاتەیەک کە نەدرابووە بەر پرسیار، هەڵگر و ڕووبەر بوون، بۆیە ئەم بزووتنەوەیە بە دواهەمین بزووتنەوەی هونەری دەناسرێت لەبەر ئەوەی دواهەمین پێکهاتەی هونەری وەک بەربەست دایە بەر پرسیار، دوای ئەم بزووتنەوەیە هیچ

کەرەســـــتەیەک و باســـــێکی تر نەماوە نەدرێنە بەر پرســـــیار لە هونەریی شــێوەکاریدا، خۆ ئەگەر تاوەتاو ناوێک دەنێن لە ســەردەمێکی هونەری، ئەوا تەنها دووبارەبوونەوەی ئەو چەمکانەن کە لە ڕابردوودا بەرجەستەکراون و کەرەســـــتەیەکی نوێ یان چەمکێکی نوێ نادەنە بەر پرســـــیار، تەنها بۆ ناسینەوەی هونەری سەردەمێکە. ئەم هۆکارەشە کە زۆر لە خەڵکی بێئومێد دەکەن، وەک ئەوەی گەشتبینە بنبەست و لە کۆتاییی شارستانیەتەکەماندا خۆمان بەرامبەر بە دیوارێک ببینینەوە، خۆمان لە بەردەم پانتایەکدا ببینینەوە، پانتاییش هەردەم جێگای ترسە بۆ شارستانیەتێک کە بە پایداری لە داهێنان و خۆ نوێکردنەوەدایە. بەڵام دەبێت ئەم بزووتنەوەیە وەک شکاندنی دواهەمین بەربەست وەربگرین بە مەبەستی بەخشینی ئازادییەکی تەواو بە هونەرمەند، لە هەمان کاتدا تیشک خستنە سەر ئەو کەرەستەیە کە تا ئەو ساتە نەدرابووە بەر پرسیار، هونەرمەند بەبێ ئاگایی و بە خۆکاری بەرجەستەی دەکرد.

یەکەمین پیشـــانگای گرووپی "ســـەپۆرت و ســـورفاس" لە ســـاڵی ١٩٦٩ لە مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن لە پاریس بوو. گرووپی "سەپۆرت و سورفاس" کەرەستەکانی وێنەکێشانی ڕابردوویان دەدایە بەر پرسیار، واتە "هەڵگر و ڕووبەر". ئەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەی "ســـەپۆرت و ســـورفاس" دواهەمین بزووتنەوەی هونەری ڕەچەشکێنی فەرەنسی بوو، دواهەمین بزووتنەوە بوو لە مێژووی مۆدێرنیتێی فەرەنســـــا و هونەردا بۆ قوفڵدانی هەموو ڕەوتە هونەرییە مێژوویییەکان.

**مانیفێستی سەپۆرت و سورفاس**

ئۆبژەی وێنەکێشان (تابلۆ)، وێنەکە خۆیەتی، پەیوەندی تەنها بەخۆیەوە هەیە، بانگی هیچ شتێکی تر ناکەن لە دەرەوەی خۆیان (بۆ نموونە، کارەکتەری هونەرمەند، مێژووی هونەر، بیۆگرافی هونەرمەند) نابێتە پەنجەرەیەک بۆ دەربازبوون، لەبەر ئەوەی ڕووبەر(سورفاس) بە لێکدابڕانی فۆرم و ڕەنگەکان دەکرێن، ڕێگرە لە بەردەم دەرهاویشتنی مەنتال یان بەلادابردنی خەیاڵی بینەر، وێنەکێشان ئاکتێکە لە خودا و لە گۆڕەپانەکەی خۆیدا دەبێت تەنگژی بنێیتەوە. بریتی نییە لە گەڕانەوەیەک بۆ سەرچاوە، نە پوختەییەکی بنەما، تەنها ڕووتکردنەوەی کەرەستەی وێنەکانە کە ئاکتی ڕەسمکردن پێک دەهێنێت. لێرەوەیە بێلایەنی کاری بەرجەستەکراو، بێبەشی لە گێڕانەوە و قوڵایی پڕواتا.

وەک دەیخوێننەوە و سەرنج ئەدەن مانیفێستەکە تەواو پێچەوانەی ئەو چەند پەرەگرافە بوون کە لەسەرەوە نووسیم بۆ باسکردن لە شکڵ و تەخت. ئەبێت ئەوە بوترێت کە لەم مانیفێستەدا سێبەری فیکرەی هونەری کۆنسێپتول هەست پێ دەکرێت لە بێلایەنی وێنەکێشاندا بۆ ئەفراندنی تابلۆیەک، بەڵام ئەوەی بزووتنەوەکە پێداگری لێ دەکات گۆڕانکارییە لە هەڵگر و ڕووبەر؛ گرووپی سەپۆرت و سورفاس، خۆیان بەوە پێناسە دەکەن، کە ڕەوتێکن دەوری ماتریاڵ بە گرنگ و دەخەنە ئاستی ئاکتی ئافراندن و کاری بەرجەستەکراودا؛ دەبێت هەڵگر و ڕووبەر بەشداری بکەن لە کاری بەرجەستەکراو، بە بێلایەن نەمێننەوە. بەڵام ئاکتی وێنەکێشان تەنها وەک سەرفکردنی وزەیەک دەبینن لە هونەرمەندا نەک ئاکتێکی مانادار بۆ گوزارشتکردن لە باسێک. وەک ڕامبۆ دەڵێت: "ئەکسیۆن ژیان نییە، جۆرێک لە بە فیرۆدانی هێزێک، تووڕەبوونێک". بە مانای ئاکتێک بە مەبەستی

دەربڕینی سـوژەیەکی بەواتا، گرنگ نییە، گرنگ بە فیرۆدانی ئەو وزەیەی کە تیاماندا کۆبووەتەوە.

ئەگەر پێش بزووتنەوەی سـەپۆرت و سـورفاس، هەندێک هونەرمەند وەک ڕۆشـــنبێرگ (Rauschenberg 1925-2008) لە ئەمەریکا گرنگیان ئەدا بە دەوری هەڵگر و ڕووبەر، وەک چۆن لە تابلۆکانی "پۆل سـێزان"دا چەمکی کوبیست چەکەرەی کردبوو پیش بزووتنەوەی کوبیست، ئەوا بە بزووتنەوەی سـەپۆرت و سـورفاس بە ڕاشکاوانە و بە تیۆری هونەرمەندان گرنگیان ئەدا بە دەوری ئەو دوو کەرەستە ترادیسۆناڵانە و گۆڕانکارییان تێدا دەکرد.


کاری هونەرمەندی ئەمریکاییی ڕۆشنبێرگ

یەکێک لە بە ناوبانگترین هونەرمەندانی سـەپۆرت و سـورفاس، (کۆلۆد ڤیالا- Claude vialat)یە، ڤیـالا بەڕێوەبەری خوێنـدنگـای هونەرە جوانەکـانە لە شـــاری نیم( Nimes)ی خوارووی فەرەنســا. ڤیالا ســـەردەمێک وێنەکانی

لەســـەر خێمەی ئەســـکەری نەخش دەکردن، ئێســـتاکە لەســـەر قوماشـــی کەڵچەری جیاواز و شکڵی جیاواز. هەردەم هەمان شکڵ دووبارە دەکاتەوە و لەگەڵ ســـەردەمیشـــدا تابلۆکانی لەناو دەچن، ڤیالا دژی گەورەکارە، دژی شاهەسەرە ( masterpiece ).

ڤیالا لە پێشـــانگایەکدا کە دیوارەکانی هەمووی پڕکردبوویەوە بە تابلۆ هەمە جۆرەکانی لە ڕووی قەبارە و ڕەنگەوە، خۆیشـــی لەولاوە بە تەنیا قوت ڕاوەستابوو بە جلوبەرگێکی سادەوە، دیمەنێکی شاز و سەرنجڕاکێش بوو بۆ من کاتێک بینیم وەک هونەرمەندانی تر خۆی خەریک نەکردبوو بە کارێکەوە یان دەوری خۆی بدات بە چەند کەســیک بۆ گرنگی دان بە خۆی، بۆیە وەک شـــکڵێک لە تابلۆکانی دەهاتە پێشـــچاوم. پاش چاوخشـــاندن بە تابلۆکانیدا چوومە بەردەمی و ڕاشکاوانە پێم وت:

- بێزار نەبوویت لە دووبارەکردنەوەی هەمان شکڵ؟

لە وەڵامدا وتی: ســـەیری کارەکانم بکە، ئەگەر وا هەســـت دەکەیت زۆرم لە خۆم کردووە بۆ وێنەکێشـــانیان، ئەگەر لەزەتیان تێدا نابینیت، ئەتوانیت ئەو پرســـیارەم لێ بکەیت. ئێوە ئەتوانن بەردەوام بن لە کاری خۆتان، بەڵام من زۆر لە خۆم ناکەم.

ڕاستە، کاتێک خۆت دەبینیتەوە لە بەردەم تابلۆیەکی ڤیالا، وەشاندنی فڵچە و تێکەڵکردنی ســپی لەگەڵ هەمو ڕەنگەکان، ڕووناکی و شـــەوقی ڕەنگەکانی، هەســـت بە ســـەرفکردنی خۆڕســـکانەی وزەیەکی بێ ئەندازە لە هەوەس و ئارەزوویەکی دەوڵەمەند دەکەین، ڕووناکی و شەوقی ڕەنگەکان بە خەبەرمان دەکەنەوە بەبێ ئەوەی سوژەیەک پێشنیار بکات لەسەر ڕووبەری تابلۆکەی. بێگومان ئەستەمە ئێمە بتوانین خۆمان لە سوژە دەرباز بکەین، لەبەر ئەوەی ئەو شـــکڵەی ڤیالا وەک خۆی دەڵێت بە ڕێککەوت لە شـــکڵی هەڵوژەیەکەوە

وەریگرتووە لەبەر ئەوەی حەزی لە هەڵوژەیە، بەڵام شـــکڵ و تەخـت گونجێنراون، کەوتوونەتە پەیوەنـدییەکەوە، نـاتوانین تەنهـا وەک تەنگژیەک بیانبینین لەناو تابلۆکە خۆیدا و نەیبەسـتینەوە بە جیهانی دەرەوە، ئەمەش بە ئۆتۆماتیکی دەیێتە سوژە، بێ شک سوژەیەکی دیاریکراو نییە لە دەرەوەی تابلۆکەوە خزێنرابێتە ناو تابلۆکە، سـوژەکە لەناو تابلۆکەدا دروسـت دەبێت، لەنێوان ڕەنگ و شکڵ و چۆنایەتی قوماشەکە.



تابلۆی هونەرمەند Clqude viala



کاری هونەرمەند daniel dezeuze



کلۆد ڤیالا لەبەردەم تابلۆکانیدا.



**چەند وتەیەکی ڤیالا لە دیبەیتێکدا:**

"شـکڵەکە بۆ من هیچ گرنگییەکی نییە، سـیسـتەمێکی ئیشـکردنە، شـکڵەکەم ناگۆڕم، خۆ ئەگەر بیگۆڕم، دەگەڕێمەوە بۆ خاسـیەتی هەمان شـکڵ، گرنگی بۆ من پڕکردنەوەی ڕووبەرێکە بە ڕیتمێک، دۆزینەوەی ڕیتمێکە، هەسـتیش دەکەم کـاتێـک ڕووبەرێکی فراوانم لە بەردەمـدایە، ئەوەی هـاوگرتوویی دەبەخشـێت بە کارەکەم، ڕیتمە هەتا شـتێکی تر. کاتێک ڕەنگەکان دەخەمە سـەر قوماشـەکەم لەبەر ئەوەی چۆنایەتی قوماشـەکان جیاوازن نازانم چۆن قوماشەکە دەیگرێتە خۆی، بە چ شێوەیەک کاردانەوەی دەبێت لەسەری، چی بەسـەر دێت! هەرچۆنێک بێت دەرئەنجامەکەی قبوڵ دەکەم. ئەگەر قبوڵی نەکەم لەو پرەنسیپەوەیە کە من کەسێکی کامڵ نیم بتوانم قبوڵی بکەم، لەبەر ئەوەی باسـێکی ترم بۆ پێشـنیار دەکات، بەڵام وردە وردە لەگەڵ کارکردندا خۆی دەگونجێنێت. لەسەر کەرەستەیەک کار دەکەم، شکڵێکە چەند دەرفەتێکم پێ دەبەخشێت، فۆرمێکی فیگوراتیڤ نییە، گوزارشت لە هیچ ناکات، فۆرمەکە بیانوویەکە، ئەتوانم بڵێم واژۆیەکە، ئەوەی گرنگە بەلامەوە وەرچەرخاندنیەتی، هەموو ڕۆژێک ئەو کارە دەبینم کە چاوەڕوانم نەدەکرد، لەو دیو دیواری ئەگەری بوونەوەیە، هەر ڕۆژە و تابلۆیەک دەکەم و پاش گوزارشـتکردن و وردبوونەوە، شـتێکی نوێ تێدەگەم، بەو جۆرە بەردەوام دەبم، هیچ شـتێک لەوەوبەر بڕیار نەدراوە، نازانم بۆ کوێ دەڕۆم، مێتافۆری کارەکەم ڕۆژانەیە. من لەناو قوڵایەکی بەربەستدا کار دەکەم، بەربەست مەبەست لە وێنەکێشانە، هەموو جارێک هەوڵ ئەدەم ئەو بەربەسـتە زیاتر پاڵ پێوەنێم و چارەسـەری نوێ بدۆزمەوە. خەڵکی زۆر جار قوماشـی جیاوازم بۆ دەهێنن لە جیهانی جیاوازەوە، هەر کە قوماشـەکە دێتە بەردەمم ئیتر دەست دەکەم بە کارکردن بەگوێرەی ئەوەی دێت بە بیرمدا. ئێمە چرچێک قبوڵ ناکەین لەسـەر هەڵگر و

ڕووبەیکی ترادیسیۆنێل، بەڵام لەسەر قوماشێک بەبێ هەڵگر، چرچێکی ناشیرین یان کەوالێتیی قوماشێک کە ڕانەکێشرابێت لەسەر چوارچێوەیەک دەبێتە شکڵێکی ئەرێنی. بە هۆی ئەوەی کە قوماشی جایواز و کەوالێتی و ڕەنگی جیاواز دەنووسێنم بەیەکەوە، وەک ڕووبەرێک یارمەتیم ئەدات وێنەکان زیاتر بن، ماتریالی زیاتر بن، بە گشتی هەموو ئەم پارچە جیاوازانە دەبنە جیهانێکی ئەرێنی پێکەوە.

ئێمە جارێکی تر بەردەوامیمان دا بە ئەمریکاییەکان. ئەو هونەرمەندانەی بۆ من گرنگن، مۆریس لویس( **Morris Louis 1962-1912** )، ڕۆشنبێرگ( Rauschenberg 1925-2008)، بێگومان جاکسن پۆلۆک (-1912 Jackson Pollock 1956 ). ئەگەر گەنجە ئەمریکاییەکان ئەمڕۆ وەک ئێمە کار دەکەن، جارێکی تر دەست دەکەنەوە بە هەڵوەشاندنەوەی تابلۆ، بە کارێکی ئەرێنی دەزانم، بەڵام ئەوان وەک دەق، ئەوەی وتراوە جێبەجێی دەکەن، ئێمە هەرگیز وەک مەرجی پێشوەخت نەمانبینیوە، وەک دەرئەنجامێک ڕەچاومان لێکردووە، هەمیشە هەوڵیشمان داوە دەرئەنجامەکەمان بگوێزینەوە، بەڵام بە شێوەی پێشنیارکردن نەک سەپاندنی، ئێمە هەردەم دەرئەنجامەکەمان گواستۆتەوە).

وەک سەرنج ئەدەین لە وتەکانی ڤیالاد باسی سوژەیەک ناکات لە دەرەوەی تابلۆکە. کاتێک دەڵێت؛ شکڵەکە وەک ئەوەی خۆی دەنوێنێت لەسەر قوماشەکە قبوڵی دەکەم و شەڕی لەگەڵ ناکەم. ئەمە سوژەیەکە لەناو تابلۆکەدا و لەدەرەوەی تابلۆکەوە نەهێنراوەتە ناو تابلۆکە، بەڵام دەتوانین بیبەستینەوە بە جیهانی دەرەوە.

***

ئەو سەردەمەی لە قوڵایی ئەشکەوتەکاندا مرۆڤی سەرەتایی بە ڕاستەوخۆ گوزارشتیان لە هەست و ئارەزووی خۆیان دەکرد (دیواری ئەشکەوتەکان وەک هەڵگرێک)، پێوستیان بە دروستکردنی هەڵگر و ڕووبەرێکی دیاریکراو نەبووە، ڕاستەوخۆ لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان گوزارشتیان لە هەستی خۆیان کردووە، بێشک چۆنایەتی دیواری ئەشکەوتەکان کاریگەری هەبووە لەسەر نەخشەکانیان، بەڵام ئەوان مۆدێلێکیان نەبووە بە لاڕێیان ببات، هونەرمەند ڕاستەوخۆ بەبێ بەربەستی کۆمەڵایەتی وێنەی کێشاوە، واتە خودی باڵا لەژێر پاڵەپەستۆی یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا نەبووە، یاسا کۆمەڵایەتییەکان کە ئەمڕۆ لە شارستانیەتەکەماندا خۆیان دەبیننەوە لە چەند شکڵێکی جیاوازی هونەریدا، زۆربەیان هاندراون لە لایەن بەرەیەکەوە لەهەر سەردەمێکدا بە جیاواز لەوی تر، لە ڕابردوودا بەسەر هونەرمەنداندا سەپێنرابوو بە ڕەسمکردنی سوژەکانی بایبلۆ لە سەردەمی مۆدێرندا بە ڕیالیسمی سۆسیالیستی و لە پۆست مۆدێرندا بە مۆدێلی هونەری بازرگانی، لەنێو ئەم ڕەوتە هونەریانەدا، هونەمەند پێویستی بە هەوڵدانێکی بێ شومارە بۆ خۆدۆزینەوە لەناو هەموو ئەو مۆدێلانەدا، بە تایبەتی جۆری گوزارشت، بۆیە ئامانجی هەموو بزووتنەوە هونەرییەکان هەوڵدان بووە بۆ دۆزینەوەی زمانە هونەرییە ڕەسەنەکە بە تێکشکاندنی هەموو ئەو بەربەستانەی کە شارستانیەت سەپاندبوونی بەسەر هونەر و هونەرمەندا، هەڵگر و ڕووبەریش بەشێکن لەو چەمکە سەپێنراوانە. ئەم زمانەش (زمانی گوزارشت) بریتی نییە لە قانونێک لە لایەن کەسانێکەوە سەپێنرابن یان ئەفرێندرابن بۆ پەیڕەویکردنی لە کاتی وێنەکێشاندا، بەپێچەوانەوە گەڕانەوەیە بۆ زمانی ڕەسەنی گوزارشت بە ئاگاییەوە. وەک هەموو زانستێکی تری مرۆڤایەتی، بۆیە ڕاڤەکردن لەسەر هەموو پێکهاتەکانی هونەر، شکڵ و باس و هەڵگر و

ڕووبەر و گوزارشـــــت، پێویســـــتییەکی حەتمی بوون بۆ بەردەوام بوون و بەئاگاهاتنەوەی هونەرمەند لە کاری نەخشکردندا لە شارستانیەتدا.

مەبەســـت لە چەمکی گوزارشـــت، وەرچەرخانی هزرە بە وێنە بۆ کەســـی بەرامبەر، چۆن ئەو وێنەیەی بەرجەستەی دەکەم دەتوانێت ببێتە ڕەنگدانەوەی هزرم، لەبەر ئەوەی ئێمەی مرۆڤی ســــاپیـان ئەگەر لە کەڵچەرێکەوە بۆ کەڵچەرێکی تر، لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازین، ئەوا لە دەروونماندا، لە نەستماندا سـەمبۆل و شـکڵەکان هەمان مانایان هەیە، وەک چۆن لە خەودا، لەبەر ئەوەی وێنەکێشـــان غەریزەیەکە لای مرۆڤ، بەڵام ئەگەر هونەرمەند یـان بینەران نەتوانن وێنەیەک بخوێننەوە لەبەر ئەوەیە مرۆڤی مۆدێرن لە شـــارســـتانیەتدا ئەو غریزەیەی بزر کردووە، وەک زۆر لە توانای تر، وەک بۆنکردن و هەستکردن، یاخود ئازاد نییە لە بیرکردنەوەدا؛ ڕەچاوی مۆدێلێکی بیرکردنەوە دەکات.

پەڕەیەک و چەنـد قەڵەمێکی ڕەنگـاوڕەنـگ بخەرە بەردەم منـداڵێـک، بەبێ تەنگژی دەتوانێت گوزارشـت لە هەسـتی خۆی بکات بە ئازادی، هەر بۆیەش ئەو منـداڵانەی کە دژواریـان بەرامبەر دەکرێـت، یـان لاقە دەکرێن، بۆ دۆزینەوەی ڕاســـتی ڕووداوەکە، قەڵەم و پەڕەیـان دەخەنە بەردەســـــت، منداڵەکە ئەوەی بە زمان ناتوانێت بیدرکێنێت بە وێنە گوزارشـتی لێ دەکات. ئەگەر زارۆکێک ئەو توانایەی هەیە لەبەر ئەوەی خۆی بەرامبەر بەربەســـتی کۆمەڵایەتی نابینێتەوە، بەڵام هونەرمەندێکی ســــەردەمەکەمان ئەو توانایەی لەدەســـــت داوە لە جەنجاڵی بازاڕی هونەریدا کە زۆربەیان خۆیان لە زمانی ڕەسەنی گوزارشتدا نابیننەوە، بۆیە ئەمڕۆ هونەرمەندێک ناتوانێت گوزارشت لە هەسـتی خۆی بکات ئەگەر شـارەزایی لە بزووتنەوە هونەرییەکاندا نەبێت، کە جۆرێک لە ئازادی پێ دەبەخشـن، لەبەر ئەوەی ئێمە مرۆڤی شـارسـتانین،

توانای ســـەرتایی خۆمان بزر کردووە. بۆیە کاری زۆر لە مامۆســـتاکانی هونەرە جوانەکـان لە ئەوروپـا فێرکردنی خوێنـدکـاران نییە بە جۆرێـک لە وێنەکێشـــــان، بەڵکوو بریتیە لە، لەبیربردنەوەی هەموو ئەو جۆرە گوزارشـــتانەی کە بوونەتە مۆدێل بۆ خوێندکار، واتە گەیاندنیانە بە خاڵی ســـەرەتای گوزارشـــت، بۆیە نابێت هونەرمەند خۆی لە پشـــت قەڵای ئەو بیرۆکەیەوە بشـــارێتەوە وەک چۆن دەڵێن؛ من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم. بە هەمان شێوە بڵێت؛ مادام دەزانم نەخشی سێوێک یان بزنێک بکەم کەواتە من هونەرمەندم. هونەرمەند بە مانای وەدەســتخســتنی توانای گوارشــت دێت، بیرکردنەوەش بە مانای پاســـاودان و ڕاڤەکردن دێت. ڕاســـتە پێش هەموو شــتێک توانای هونەرمەند بەهرەیە وەک دەنگخۆشـــی و توانا و بەهرەی تر، بەڵام بەهرە بەتەنها بەس نییە.

وشـــەی Arts لە لاتینیەوە هاتووە بە مانای هونەر دێت، بە یۆنانی دەبێتە تەکنێ، بە مانای تەکنیک، تەکنیک و دەســتڕەنگینی، کەواتە هونەر پێش هەمو شـــتێک تەکنیکە، هونەرمەند ئەو کەســـەیە پێش هەموو شـــتێک خاوەنی تەکنیکێکە. بۆ هونەری شـێوەکاری پێویستمان بەوەیە بزانین چۆن فڵچەیەک دەوەشـینین، چۆن شـکڵێک دروسـت دەکەین، وەک چۆن بۆ مۆسـیقا دەبێت بزانین ئالەتێک بژەنین، ئەمە ســـەرەتایە. بەبێ تەکنیک هونەر بوونی نییە، بەبێ کارکردنیش نازانین تەکنیک چییە، بەبێ کارکردن شـــارەزایی تەکنیک بوونی نییە،

هونەرمەندە بەناوبانگەکان هەردەم بەبێ وچان کاریان کردووە بۆماڵیکردنی تەکنیکێک کە لەگەڵ زەمەندا دەبێتە شـــوناســـی هونەرمەند خۆی وەک تەکنیکێک. وشـــەی هونەر، بەمـانـای زانینی تەکنیـک دێـت، تەکنیـک بۆ

دەســـترەنگین و بۆ هونەرمەند پێویســـتە، هونەر و دەســـترەنگینی خاڵێکی هاوبەشـــیان هەیە ئەویش تەکنیکە، وەرگێڕانی ماتریاڵە بۆ ئەفراندنی کارێکی هونەری، وشـەی؛ oeuvre بە لاتینی، مەبەست لە کاری هونەرییە، بە مانای بەرهەمی کرێکارێک دێت، واتە هونەر کارکردن و ماندووبوونە. هونەر بە مانای ئیلهامی  هونەرمەند دێت، ئیلهام لەناو دەرووندایە و بە تەنیا ناتوانێت ببێتە هونەر، هونەرمەند ئەو ئیلهامە وەردەچەرخێنێت بۆ ماتریاڵ و تەکنیک، شکڵێک دەکات بە بەری هزردا، ئیتر ئەوە بە بینین بێت یان بە بیستن یان بە هەستپێکردن (دەســت لێدان). نابێت ئێمە تەکنیک بەوە تێبگەین کاتێک لەژێر تـابلۆیەکەوە نووســـراوە؛ تەکنیکی کۆلاژ، یـان بۆیەی یەکریلیـک، ئەمـان کەرەستەن، تەکنیک بریتییە لە هونەری بەکارهێنانی ئەم کەرەستانە پێکەوە، گونجاندنیانە بۆ بە ماتریاڵکردنی ئەوەی لە هزردایە.

دەبێت هەردەم کاری دڵفڕێن و کاری هونەری جودا بکەینەوە، کاری هونەری دەرئەنجامی پاســـاودان و پرســـیارکردن و لێکۆڵینەوەیە لەو شـــکڵەی لەو باســـەی بەرجەســـتەی دەکەین، هەموو شـــکڵ و باسـێک دەبێت بدرێنە بەر پرســـیار لە لایەن هونەرمەندەوە؛ بۆچی ئەو شـــکڵە دەکێشـــم؟ لەســـەر چ تەختێک؟ بۆچی ئەو باســـە دەهروژێنم؟ چۆن گوزارشـــت لەو باســـە دەکەم؟ کاری هونەرمەند بەرهەمی ئاگاییە، بە زمانی گوزارشتی هونەری.

مەرج نییە شکڵێک دڵفڕین بێت کەواتە کارێکی هونەرییە یان جوانە لە ڕووی گوزارشـتەوە. گرنگیش نییە هونەرمەند چ سـوژەیەکمان بۆ پێشـنیار دەکات، گرنگ ئەوەیە چۆن گوزارشـــت لە باســـێک دەکات، چونکێ ئەگەر هونەر غەریزەیە و خاوەنی زمانێکە، ئەوا گوزارشـتێکی پێشـوەخت بوونی نییە جگە لە ئەفراندنیەوە نەبێت لە لایەن هونەرمەندەوە، بێشـــک یاســـایەک هەیە بۆ

گوزارشـــت، لۆژیکێک هەیە بۆ گوزارشـــت کە ناتوانرێت بە زمانی زانســـتی باسی لێوە بکرێت.

کاتێک کارێک دەبینین دڵفڕێنە، واتە هەســـــت بە ئاســـودەیی دەکەیت بە تێڕوانینی، بەڵام مەرج نییە ئەوە کـارێکی ئەقڵانی بێـت، مەرج نییە هەقیقەتێکمان بۆ نمایش بکات، پێ دەچێت پەردەپۆشـــی بێت بۆ هەقیقەت، لەبەر ئەوەی هەقیقەت وەک ئەوەی کە هەیە و خۆی نمـایش دەکـات بە ڕووکەش ئاسـودەمان ناکات، بەپێچەوانەوە هەقیقەت وەک ئەوەی شـاراوەیە ئاســـودەمان دەکات، بۆیە کارێکی هونەری مەرج نییە لەبەر ئەوەی دڵفڕێنە کەواتە هەقیەتی شـتەکانمان بۆ نمایش دەکات. ئەفلاتون لە سـەردەمی خۆیدا دژی ئەو هونەرمەندانە ئەوەســـتایەوە کە بە ڕیالیزم شـــکڵەکانیان ئەکردەوە لەبەر ئەوەی ئۆبژە شـــکڵێکی هەڵخەڵەتێنەری هەقیقەتی هەســـتپێکراوە. بۆ ئەفلاتون جوانی خاسیەتی هەقیقەتە.

ئەفلاتون دەڵێـت: "هونەری کۆپیکردنەوە زۆر دوورە لە هەقیقەتەوە... بۆ نموونە هونەری شێوەکاری، پینەچیەکمان پیشـان ئەدات، یان دارتاشیک، یان هەر کاربەدەسـتێکی دەسـتڕەنگینی تر، بەبی ئەوەی هیچ زانیارییەکی هەبێت لەســـەر کارەکانیان، بەڵام ئەمەش ڕێگری ناکات لەوەی کە هونەرمەندێکی چاک بێت و بیەوێت پیشـــانی نەزانان و منداڵانی بدات کاری پینەچی و دارتاشی چییە، بە جۆرێک کە لاساییکردنەوە بە هەقیقەت بزانن".

هەرگیز مرۆڤی ئەشـــکەوتەکان شـــکڵی ڕیالیزمیان نەکردووە، هەرچەندە لێکـدانەوەی هەنـدێـک لە کۆڵەرەوە ئەوەیە گوایە وەک منـداڵ نەیـانتوانیوە شـــکڵیکی ڕیالیزم بکەن، بەڵام شـــکڵێکی ڕیالیزم بە چ مەبەســـتێک؟ بۆ گوزارشـتکردن لە چی؟ لە کاتێکدا شـکڵێکی ڕیالیسـت والای هیچ هەقیقەتێکی تر ناکات لەوەی بە ڕووکەش دەبینرێت، بۆ مرۆڤێکی کۆکەرەوە و ڕاوکەری

ئەو سەردەمە کە هەموو ژیانی ڕۆژانەی بیرکردنەوە و وردبوونەوە بووە لە دەوروبەری، بە تایبەتی لە ســـەردەمێکدا ئەوان هێزی خودایان لە گوڵێک لە درەختێک لە ئاژەڵێکدا دەبینی.



وێنەی ئاژەڵێک لە ئەشکەوتی لاسکۆ



نەخشێکی ئەشکەوتی لاسکۆ

زۆر لە هونەرمەنــد و ئەنتەلەکتوێلەکــان هەوڵیــان داوە گوزارشــــتێکی ئۆبژەکتیڤی جوانی بکەن، بەڵام جوانی دەرئەنجامی هەستکردنە بە پەیوەندی، واتە پەیوەندیی دیالەکتیکی لە نێوان شکڵەکاندا لە هونەری شێوەکاریدا، واتە هارمۆنی گشـــتی ئەو کەرەســـتانەی کە پێکەوە گونجێنراون، بۆیە جوانی پەیوەستە بە پەیوەندییەوە. کاتێک سەیری ئەو نەخشەی ئەشکەوتی لاسکۆ دەکەین؛ ڕاوکەرێک پاڵکەوتووە و چوکی ڕەپ، ڕمێک بە تەنیشـــتیەوە و بەرامبەری ئاژەڵێک ورگی هەڵدڕاوە، هونەرمەند دەیەوێت باســێکی گرنگمان بۆ والا بکات لەژێر ئەو شـــکلانەوە کە لە پەیوەندییەکی دیالەکتیکدان. (لە وتارێکی تردا باسی ئەم نەخشە دەکەین).

پێش ئەوەی نیوتن و ئاینشـتاین بە یاسـای ماتماتیک و فیزیا ڕوونی بکەنەوە بۆچی و چۆن سـێوێک لە دارێکەوە دەکەوێتە خوارەوە، ئەو سـێوە هەر بەو یاســـایە دەکەوتە خوارەوە، کاری مرۆڤ ئەفراندنی ئەو یاســـایە نییە بەڵکو

دۆزینەوەی بوو، ئەم دۆزینەوانەش بە گەڕان و لێکدانەوە بەرجەستە کراون. دۆزینەوەی هەموو ئەم زانیارییانەش لە بواری زانستی و دەرونی و هونەری و ... تاد، لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە دەستی پێ کرد و لە سەدەی بیستەمدا تەقییەوە. میشـــێل فوکۆ، پرســـنی و ئارەزووی تاکی ئەوروپایی بۆ گەڕان بەدوای زانســـت و لێکۆڵینەوە لە هەمو بوارێکدا، دەگەرێنێتەوە بۆ کەڵچەری مەسیحی، کەڵچەری مەسیحی پاڵنەر و دینامیکی سەرەکییە بۆ گەڕان بەدوای زانیاریدا؛ کاتێک تاکەکانیان ساڵی چەند جارێک کۆنفیسیۆن ( confession) دەکەن لەبەردەم پیاوێکی دینیدا، (کۆنفێســـیۆن بریتییە لە دانپیانان و وتنی ڕاســتی لە بەردەم قەشــەیەکی کەنیســەدا)، بریتییە لە؛ بۆچی و چۆن و بە چ مەبەستێک، بۆ گەیشتن بە هەقیقەتی ڕووداوەکان، پێویستمان بە پاساودان و تێڕامان و ڕاڤەکردنە.

بێگومان هونەر هەمان هەقیقەتی زانســـتی نییە، واتە هەمان لۆژیک پەیڕەوی ناکات، بەڵام هونەر وەک ماتماتیک خاوەنی لۆژیکێکە.  پاســـکال جیاوازی دەکرد لەنێوان هەقیقەتی دڵ و هەقیقەتی ئەقڵانی. (هەقیقەتی ئەقڵانی ئەوەیە کە زاناکان ڕوونی دەکەنەوە بە زانســـت، ڕووی دەمی دەکاتە ئەنتەلێکت، هەقیقەتی دڵ گوزارشـــتی لەناو هونەر و دیندا دەدۆزنەوە، ئەم دوو جۆرە هەقیقەتە ناتوانرێت بەراورد بکرێن، ئەوە کاری فەیلەسـوفە ئاشـتیان بکاتەوە بەیەکەوە). بە یۆنـانی بە هەقیقەت دەوترێـت ئەلێتێیـالا (Allétheala)، بە مانای لابردنی پەردە دەێت، پەردەی ڕووکەش، هەروەها بە مانای هەقیقەت دێت، بۆیە دەوری هونەر دۆزینەوەی هەقیقەتە.

خۆ ئەگەر ئەوروپاییەکان خۆیان جودا دەکەنەوە لە هونەری ئەفریقایی و ئەبۆریژێن و ...تاد، ئەوا دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە هونەری سەدەی

بیســـت به ئاگاییەکی تەواو جیاوازەوە بەرجەســـتەکراوە، وەک هەموو زانســـتێکی تر لە ئەوروپا. ئەگەر نەخشـــی ســـەر دیواری ئەشـــکەوتەکان، هونەری ڕەسەن بوون، ڕاستەوخۆ گوزارشتی مرۆڤ بوون بەبێ بەربەست، پێویســـتیان بە دانە بەرپرســـیاری شـــکڵ و تەخت نەبووە، ئەوا مرۆڤی شارستانی بەبێ ئەو زانیارییانە ناتوانێت گوزارشت لە هەستی خۆی بکات.

نەخشـــەکانی بیســـت هەزار ســـاڵ لەمەوبەری ناو ئەشـــکەوتەکان بە هەمان ئاگاییەوە نەکراون، واتە ئەگەر گوزارشـــتێکی ڕەوانی هونەری بێت، ئەوا ئاگاییان بە دەوری شـــکڵ و تەخت نەبووە، شـــکڵ و تەختیش بەرهەمی شارستانی نین لە بنەچەدا بەڵکوو لە شارستانیەتدا بە ئاگاییەوە لێکدانەوەیان بۆ کراوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤی شـارسـتانی لە هەقیقەیەتێکی تردا دەژی، ئەو هەقیقەتەش پێویســـتی بە ئـاگـاییە بە بـاری ژیـانی خۆی وەک مرۆڤێکی شـارسـتانی لەناو شـارتانیەتدا. وەرچەرخانی مرۆڤی کۆکەرەوە و ڕاوکەر بۆ مرۆڤی کشتوکاڵی و شارستانی، تەواو دەوری هونەری وەرچەرخاند، هونەر وەک کارێکی ســـەربەســـت و هونەرمەند وەک هزرێکی ســـەربەســـت بوونی نەبوو، بۆیە پێویســـتمان بە ئەنتەلێکتە بۆ وەدەســـتخســـتنەوەی توانای گوزارشـــت لە شـــارســـتانیەتدا، دەوری هەموو بزووتنەوە هونەرییەکان لە کوبیســـتەوە هەتا بزووتنەوەی ســـەپۆرت و ســـورفاس دۆزینەوەی توانای هونەری گوزارشتە.